

فایل

FILE

# داهاتووی سوریا

# ئەنجومەنی نیشتمانیو باڵی سیاسی (pkk)

# داهاتووی سوریا دیاریدەکەن

## هەوڵی پەکەکە بۆ ئەوەیە کە دوای رووخانی بەشار نەهێڵێت تورکیا ئەو بۆشاییە ئەمنییە بقۆزێتەوە

لەعەرەبییەوە: هێمن مەحمود

IDEA DEPLOMATIC



کوردەکان کێشەیەکی هاوبەشیان لە هەر چوار وڵاتی سەرەکی ناوچەکەدا هەیە کە، ئەوانیش (عیراق و تورکیا و سوریاو ئێران)ە، هەربۆیە مەسەلەی کورد» مەسەلەی دەوڵەت» نییە هێندەی ئەوەی « مەسەلەی هەرێمایەتیە»، بەڵام ئایا کاریگەری شۆڕشە عەرەبییەکان لەسەر مەسەلەی کورد و کاریگەرییە هەرێمایەتییەکان لە دروستکردنی نەخشەیەکی جیۆ ستراتیژی تایبەت بەناوچەکە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە کوردەکانەوە هەیە چییە، ئایا ئەگەری لەدایکبوونی بەهارێکی کوردی هەیە لەهەناوی ئێستای بەهاری عەرەبییدا؟

نوسەری عەرەبی (محمد عەبدولقادر) لە لێکۆلینەوەیەکیدا دەربارەی سیستمی هەرێمایەتی و دۆخی کەمینەکان لە جیهانی عەرەبیدا، کە بۆ پەیمانگەی عەرەبی بۆ لێکۆلینەوە و راهێنان نوسیویەتی وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە.

لەگەڵ کەمبوونەوەی ژمارەی رۆژەکانی دەسەڵاتی (بەشار ئەسەد) و حزبی بەعس لە سوریا، سەرەتاکانی (بەهار)ێکی کوردی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەردەکەوێت، ئەویش پاش ئەوەی مەسەلەی کورد لەگەڵ سێ پەرەسەندنی گرنگدا هەمەئاهەنگبووو، ئەویش یەکەمیان داواکاری کوردەکانی سوریا بۆ دروستکردنی هەرێمێکی لامەرکەزی سیاسی لە باکوری وڵات، دووهەمیشیان هەڕەشەکانی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانی عیراق بە جیابوونەوەو دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ، سێهەمیشیان توندبوونی ململانێیەکانی چەکدارانی پەکەکەو حکومەتی تورکیا لەلایەک و رووبەروبوونەوەی سیاسی و راگەیاندنی تورکیاو حزبە کوردییەکانی سوریا لەنزیک سنورەکانی تورکیا لەلایەکی دیکەوە.

ئەم دۆخە هەرچەندە مژدەی هاتنی (بەهارێکی کورد)ی دەداو وایکردوە مەسەلەی کورد جارێکی دیکە ببێتە ناوەندی رووداوە گرنگەکان، لەهەمانکاتدا مەترسی پایزێکی جێگری هەرێمایەتی لێدەکراو ئەگەری گۆڕینی نەخشەکانی هاوپەیمانێتییە هەرێمایەتیە کۆنەکانی لێدەکرا.

> **کوردەکان لەناوچەکەدا ژمارەیان نزیکەی (40)ملیۆن کەس دەبن، کێشەکانیان لەهەر چوار وڵاتەکەدا هاوشێوەیە، چ لەسەر ئاستی سیاسی، رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، ئابوری.....**

کوردەکان لەناوچەکەدا ژمارەیان نزیکەی (40)ملیۆن کەس دەبن، کێشەکانیان لەهەر چوار وڵاتەکەدا هاوشێوەیە، چ لەسەر ئاستی سیاسی، رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، ئابوری، ئەمە جگە لە خەیاڵیان بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

### هۆکارەکانی هەڵکشانی کێشەی کورد

چەندین هۆکار هەن وایکرد جارێکی دیکە کێشەی کورد ببێتەوە گۆڕەپانی سیاسی هەرێمایەتی:

**یەکەم: شۆڕشی سوریا و هەڵکشانی مەسەلەی کورد،** جارێکی دیکە شۆڕشی سوریا، ئەگەری دووبارە داڕشتنەوەی سیاسەتی لەلای کوردەکان دروستکردوە.

کوردەکانی سوریا وەک بکەرێکی سەربەخۆ، چەندین ئامانج و خاڵیان دیاریکرد وەک بنەمایەک بۆ هەرپەیوەندییەک لەگەڵ حزب و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکە، ئەوەیان بەمەرج دیاریکرد، کە نابێت لەدەستوری داهاتوی سوریادا هیچ دەقێک هەبێت، کە تیایدا نابێت سوریا بەشێک بێت لەنیشتیمانی عەرەبی، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی هەموو رێوشوێنە رەگەزپەرستەکانی دژ بە کورد و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوان.

کورد لە سوریا جیاکارییەکی نەتەوەییان لەبەرامبەردا کراوە، بەتایبەت دوای گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن حزبی بەعسەوە لەساڵی (1963)، بەجۆرێک کە بۆ کوردەکان نەبووو بەزمانی دایکی خۆیان قسەبکەن و بخوێنن، ئەمە جگە لە پەراوێزخستنی ناوچە کوردییەکان و بێ بەشکردنی سەدان هەزار کورد لە مافی وەرگرتنی رەگەزنامەی سوری و توندوتیژی لەبەرامبەرییان.

دوو بکەری سیاسی گەورە لە کوردستانی سوریا باڵادەستن، ئەوانیش (ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردی کەزۆربەی حزبە کوردییەکانی تێدادایە) لەگەڵ (پارتی یەکێتی دیموکراتی کوردیی «پەیەدە»)یە کە نزیکە لەپەکەکەوە.

لەکاتێکدا ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردی رووخانی رژێمەکەی ئەسەد بەپێویست دەزانێ، ئەوا پارتی یەکێتی دیموکراتی کوردیی، داوای رووخانێکی ئاشتییانەی رژێمەکەی ئەسەد دەکات، ئەمەش هاوهەڵوێستی پەکەکەیە، لەکاتێکدا هەڵوێستەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردی هاوهەڵوێستی (مەسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستانە.

پەیوەندییەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردی و ئەنجومەنی نیشتیمانی سوری، پەیوەندییەکی گرژو ئاڵوزکاو ناجێگیربوووە، لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردی وەها سەیری ئەنجومەنی نیشتیمانی سوری کردوە، کە ئەنجومەنێکی سەر بە ئیخوان موسلمینە و نزیکە لەتورکیاوە، پەیوەندییەکانیش ئەو کاتە زیاتر گرژی تێکەوت کە (بورهان غلیون)ی سەرۆکی پێشوتری ئەنجومەنەکە رەتیکردەوە سیستمی فیدراڵیەت لەسوریادا جێبەجێبکات.

لە سوریا نزیکەی (2)ملیۆن کورد دەژی، تموحی ئەم کوردانە خۆی لەدروستکردنی هەرێمێکی سەربەخۆدا دەبینێتەوە بەناوی (کوردستانی رۆژئاوا)وە کە لەچەندین پارێزگای ستراتیژیدا پێکهاتووە، هەرچەندە ئەو پارێزگایانە پەیوەندییان بەیەکەوە نییە ، بەڵام بەسنورەکانی هەریەک لەتورکیاو سوریاو عیراقدا درێژبووەتەوەو بەدەکێکی گەورەی نەوتیان تیادایە، ئەمەش لەداهاتوی پەیوەندییە هەرێمایەتیەکاندا چەندین پرسیار دروستدەکات.

**دووەم: تێکچونی پەیوەندییەکانی حکومەتی مەرکەزی و حکومەتی هەرێمی کوردستان**

لەدوای هەوڵەکانی (مەسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێم بۆ وەرگرتنەوەی متمانە لە (نوری مالیکی) سەرۆک وەزیرانی عیراق، ئەویش بەهۆی جێبەجێنەکردنی رێککەوتننامەی هەولێر کە جارێکی دیکە مالیکی کردەوە بەسەرۆک وەزیرانی عیراق بۆ خولی دووەم. وایکرد کێشەکانی ئەو دوانە بتەقنەوە، ئەمە جگە لە جێبە جێنە کردنی مـــادەی (140) ی دەســــتورو ئەنجامنەدانی سەرژمێری لە عیراقدا. مالیکیش لەلایەن خۆیەوە بارزانی بەوە تۆمەتبار دەکات، کە نەوتی قاچاخ دەفرۆشێت و سەلاحیاتە دەستوربیەکانی پێشێل دەکات.

> **هەڵوێستی پەکەکە لە توندکردنەوەی رووبەرووبونەوە چەکدارییەکان، تەنها بۆ ئەوەیە کە دوای رووخانی بەشار ئەسەد نەهێڵێت تورکیا ئەو بۆشاییە ئەمنییە بقۆزێتەوە**

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم گرژییە بەهۆی پاشخانی دوو رووداوی دیکەوە بووو: یەکەمیان هەرێمی کوردستان بەهۆی پێنەدانی پارەی کۆمپانیاکانەوە لەلایەن ناوەندەوە، هەناردەکردنی نەوتی راگرت، دووهەمیشیان رێکەوتننامەی هەولێرو ئەنکەرەبووو، کە بە هۆیەوە هەرێمی کوردستان بە تورکیادا نەوت هەناردە دەکات.

ئەم تەنگەژانە هاوکات لەگەڵ میوانداریکردنی (تاریق هاشمی) لەلایەن تورکیاوە، ئەوەندەی دیکە پەیوەندییەکانی تورکیاو عیراقی تێکداو لایەنێکی دیکەی ململانێیەکانی ناو عیراقیشی بەدیارخست، بەتایبەت لە کێشەی سوریادا، چونکە بارزانی پشتگیری ئۆپۆزسیۆن دەکات و مالکیش پشتگیری رژێمی بەعسی سوریا.

هەموو ئەوانەی باسمانکرد وایان لەمالیکی کردوە، کەوا هەستبکات کوردەکان وەک لایەنێکی سەربەخۆ لە دەوڵەتی عیراقی رەفتار دەکات، بەتایبەت وەرگرتنی (7)هەزار ئاوارەی سوری و مەترسی لەنیشتەجێکردنیان لەناوچە کێشە لەسەرەکان، هەربۆیە مالیکی لەرێگای دەستگرتنی زیاتر بەسەر دەزگا ئەمنییەکان و دەستکەوتنی فرۆکەی ئێف (16) و ناردنی هێز بۆ سەر سنورەکانی سوریا ویستی قەرەبووی ئەوەبکاتەوە، بەمەش ململانێیەکان زیاتربوون و مەترسی رووبەروبونەوەی چەکداری لێدەکرێت.

**سێهەم: توندتربوونی رووبەرووبوونەوەکانی پەکەکەو حکومەتی تورکیا**

توندبوونەوەی رووبەرووبوونەوەکانی پەکەکەو حکومەتی تورکیا، دەگەرێتەوە بۆ دوای سەرنەگرتنی گفتوگۆ نهێنییەکانی نێوان ئەوو دولایەنە لەساڵی(2010).

لەساڵی (1984)ەوە پەکەکە لەشەرێکی چەکداریدایە لەگەڵ حکومەتی تورکیا کە تاوەکو ئێستا نزیکەی (20)هەزار کەسی تیادا کوژراوە.

هۆکاری سەرەکیش لەدوای رووداوەکانی سوریاوە دێت، کە پەکەکەو پەیەدەی لایەنگری پەکەکە لە ناوچە کوردییەکانی سوریا کەوتنەوە چالاکی و دەسەڵاتی چەند شارێکیان بەدەستەوە گرت.

هەڵوێستی پەکەکە لە توندکردنەوەی رووبەرووبونەوە چەکدارییەکان، تەنها بۆ ئەوەیە کە دوای رووخانی بەشار ئەسەد نەهێڵێت تورکیا ئەو بۆشاییە ئەمنییە بقۆزێتەوە بۆ خۆی کە دروستدەبێت لە



چەکدارێکی ئۆپۆزیسیۆنی سوریا

سوریادا و رۆڵی خۆی لە گفتوگۆکانی داهاتودا دەربارەی چارەنوسی سوریا زیات ربکات.

تورکیاش بەهۆی ئەوەی کە زۆرینەی چەکدارەکانی پەکەکە لە کوردەکانی سوریان و پشتگیری بەهێزیان لەناوەوەی سوریادا هەیە، ترسی لە دروستبوونی هەرێمێکی فیدراڵی هەیە لە ناوچە کوردییەکان، کە ئەمەش کاریگەری سیاسی دەبێت بۆ سەر ناوچە کوردییەکانی تورکیا، هەروەها ترسی لە درێژبووونەوەی خەتی شارە کوردییەکانی عیراق و تورکیا و سوریاو ئێران هەیە، کە ئەم دۆخە بەهۆی رێککەوتننامەی (سایکس بیکۆ)ەوە دروستبووەو گوێی بە دابەشبوونی نەتەوەیی نەداوە لەسەر سنورەکانی نێوان ئەو دوڵەتانە، هەر ئەم دەوڵەتانەش بەهۆی شۆڕشی سوریاوە، مەسەلەی کوردییان لە بابەتێکی هاوبەشەوە گۆڕیوە بۆ هۆکارێک بۆ ململانێیەکان.

**هەڵوێستی ئێران:**

ئێران وەها سەیری مەسەلەی کوردی کردوە، کە دەتوانرێت لەململانێ هەرێمایەتییەکاندا بەکاری بهێنێت ئەویش بۆ مانەوەی نفوزی خۆی لە عیراقدا و پشتگیرکردن و هاوکاریکردنی حکومەتی سوریا، هەروەها لە روبەرووبوونەوەی حکومەتی تورکیا کە هەڵوێستەکانی پێچەوانەی ئێرانە لە عیراق و لە سوریاش. هەر لەم چوارچێوەیەشدا ئێران لە وەستاندنی چالاکییەکانی (پەژاک) دا سەرکەوتوبووو، ئەویش بەهۆی یارمەتیدانی پەکەکەوە.

لەناوخۆشدا ئێران گرنگی خستوەتە سەر ستراتیژییەتی ئینکاریکردنی مافەکانی کوردی و ترسێکی زۆری هەیە لە گەشتنی بەهاری کوردی بۆ وڵاتەکەی.

**داهاتووی مەسەلەی کورد:**

ئێستا مەسەلەی کورد بووەتە یەکێک لەمەسەلە گرنگە هەرێمایەتیەکان لە هەر چوار وڵاتی ئێران وعیراق وتورکیا و سوریا و کاریگەری راستەوخۆی هەیە بۆ سەر ئەو وڵاتانە.

> **هەرێمی کوردستانی عیراق ئێستا بووەتە کلیلی سەرەکی بۆ کردنەوەی دەرگای گۆڕانکارییەکان و کاریگەری خستنە سەر سیاسەتی کوردی لە ناوچەکەدا**

جیاوازی هەڵوێستەکانیش لەنێوان هەریەک لە تورکیاو هەرێمی کوردستان لەلایەک و ئێران و عیراق و سوریاش لەلایەکەی دیکەوە، بارودۆخی سوریاش، وایکردوە ئەم مەسەلەیە ببێتە هۆکارێک لەململانێی ئەو لایەنانەدا.

حزبە کوردییەکانیش ویستویانە ئەم جیاوازییانە بقۆزنەو وەک دەستکەوتێکی مێژوویی سەیریبکەنو ، هەرێمێکی سیاسی سەربەخۆ دابمەزرێنن و دواتر خەونی خۆیان لەراگەیاندنی دەوڵەتێکی کوردیدا بەدیبهێنن کە هەر چوار پارچەکە بگرێتەوە.

هەرچەندە ئاستەنگی زۆر رووبەرووی (بەهاری کوردی) بووەتەوە، بەڵام (بەهاری عەرەبی) فرسەتی گەورەی بۆ کوردەکان دەستەبەرکردوە.

هەرێمی کوردستانی عیراق ئێستا بووەتە کلیلی سەرەکی بۆ کردنەوەی دەرگای گۆڕانکارییەکان و کاریگەری خستنە سەر سیاسەتی کوردی لە ناوچەکەدا، هەربۆیە چاوەڕواندەکرێت لەماوەی داهاتودا مەسەلەی کورد بەرەوپێش چوونی زیاتر بەخۆیەوە ببینێو، گرفتی ئاسایشی گەورەتر دروستببێت، کەپێویست دەکات جارێکی دیکە چوارچێوەی ئەمنی هەرێمایەتی دابنرێتەوە، کە کورد تیادا یاریکەری ، ئەویش بەهۆی ئەو پەیوەندییە هەرێمایەتیو نێودەوڵەتیانەی کە هەیەتی و کێشەکەیان جارێکی دیکە بخرێتەوە سەر مێزی وڵاتانی هەرێمایەتی، کە ئەمەش دۆخێکە لەدوای سەرهەڵدانی (بەهاری عەرەبییە)وە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتوەتەوەو چاوەڕوانیش دەکرێت دوای (بەهاری کوردی) گەرمتر بێت.



گەریلایەکی پەیەدە